# وولاتی بەفر و سەمای خەونەکان

**شانۆیی سەمای جەنگ**

**نوسینی چیخۆف**

**دەرهێنانی ئومێد شێخ حسێن**

**دەوەن**



**خەمی گەورەی مرۆکانی ئەم ئەستێرەیە ، هاتنەدی خەونەکانە بۆ جوانکردنی ژیانی مرۆکان و کۆتای هێنان بە تاریکستانی ڕۆژە جەنگیەکان و شەوە خوێناویەکان ، بۆ سپیکردنەوەی ڕۆحە سوتاوەکانی بالآی هونەر و زیندو کردنەوەی دەقە شانۆییەکان لە ناو خەونە تێکشکاوەکاندا.**

**دەکرێ بڵێین خەون و خەیەڵە عەجولەکانی هونەرمەند ( ئومێد شێخ حسێن ) یەکێکە لەو خەونە یاخییانەی ، کە هەمیشە لێوان لێوە ، لە داهێنان و جوانکاری بۆ شانۆ و هونەر لە گشت سنورە جیاوازەکان و زەمینە پارچە پارچەکاندا ، سنەوبەری بالآی ئەم هونەرمەندە ڕەنگێکی شانۆی لە خۆی گرتووە ، لە هەر زەمینێک بێت ( ، دەنگە ، ڕەنگە ، جەستە ) یە لە ناو**

**دەقەکانی ( شکسپیر و کرۆتۆفسکی و ستانسلاڤسکی ) دا ، لە ئێستاشدا هونەرمەند ( ئومێد شێخ حسێن )**

**لە سەمایەکی جەنگدایە بۆ هاتنەدی خەونەکانی ( چیخۆف ) و نوێ بوونەوەی گەلاکانی تەمەن لە شانۆدا.**

**هونەرمەند ( ئومێد شێخ حسێن ) لە ژیانی هونەریدا،توانیویەتی خەلآتی باشترین ئەکتەری شانۆ، لە سەر**

**ئاستی ( ڤیستیڤاڵەکانی کوردستانی و عێراقی ) لە ساڵەکانی (1989 و 1991 ) بە دەست بێنێت ،**
**لێرەش لە وولاتی بەفر و خەم و تەمدا ، وەک دەرهێنەرێک کارە جدیەکانی خۆی نمایش کردووە و خاوەنی**
**چەندین نمایشی شانۆییە لە وولاتی ( سوید ) و نوێترین نمایشی بریتی بووە لە شانۆی ( پیاوێک لە بەهەشتەوە )**
**کە بووە هۆی سەرنجدان و بایەخ دانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامە سویدیەکان ، لە ئاکامدا کەناڵی (2 ) ی**
**سوید ڕیپۆرتاژێکی گرنگی لەسەر ئەم کارە شانۆییە بڵاو کردەوە و هونەرمەند ( ئومێد حسێن ) ی وەک دەرهێنەرێکی**
**بە توانای کورد لە وولاتی سوید پێناسە کرد ، دوواجار ڕۆژنامەی ( Nerikes Allehanda ) لە سەر زاری ڕەخنەگری**
**شانۆی سویدی (ستێڤان لارشۆن) لە نوسینێکیدا ئاماژەی کردووە بە سەلیقەو لێهاتووی ئەم هونەرمەندە کوردە ،**
**ئەوەی جێگای باس و قسە کردنە کە شانۆیی (پیاوێک لە بەهەشتەوە ) بە زمانی سویدی لە شاری**
**(ئۆرۆبرۆ )نمایش کرا، پاشان وەک ئەکتەری سەرەکی ڕۆڵی پاڵەوانی لە شانۆنامەی ( یوسف و ماریا ) دا**
**بە زمانی سویدی بینیوە ،لێرەدا شایستەی وەبیر هێنانەوەیە، ئەم هونەرمەندە غوربەت و تاراوگەی کردۆتە ماڵەکانی**
**داهێنان و ، بۆ هەمیشە لە سەمایەکی جوانکاریدایە ، بۆ ناساندنی شوناسە مەعریفیەکانی شانۆ و داهێنانەکانی وەک**
**( ڕۆژێکی گرنگ ، ئەو نامانەی پێویست بوو بگەن ، لیدی ماکبێس ، پیاوێک لە بەهەشتەوە ، سەمای جەنگ ،**
**یوسف و ماریا ) سەرجەم ئەو بەرهەمە شانۆییانەنن کە هونەرمەند (ئومێد شێخ حسێن ) لە تاراوگە و لە ئاسمانی**
**دوورە وولات بەرهەمی هێناون ، لە ئێستادا هونەرمەند ئومێد شێخ حسێن لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ نمایشی شانۆیی**

**( سەمای جەنگ ) لە نوسینی ( چیخۆف ) و دەرهێنانی ( ئومێد شێخ حسێن ) لەگەڵ ( تیپی شانۆی تابلۆ )**

**لە نووانندنی ( شای کەمال ، ڕەشاد حسێن ،ڕێژین ئیسماعیل و چەند ئەکتەرێکی تر ، کە بڕیارە**

**( ڕۆژی شەمە ، ڕێکەوتی** 04/ 2006/03 **،کات ژمێر** 19:00 **لە شاری (ئۆرۆبرۆ )نمایش بکرێت ،**

**ئەم شانۆنامەییە میوانداری کراوە لە لایەن ( کۆمەڵەی کولتوری کوردی ) لە شاری بۆرۆس لە بەرواری** 2006/03/11 **کات ژمێر** 17:30 **ی پاشنیوەڕۆ لە هۆڵی گەورەی ( ڤێڤارن ) لە کتێبخانەی گشتی**

**نمایش دەکرێت ، هونەرمەند ئومێد شێخ حسێن لەم نمایشەدا ، لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا پێکەوە لە باوەشی دارێکی سنەوبەردا**

**سەما دەکەن بە دەم پڕوشەی بەفر و شنەی شەماڵێکی ئێوارەوە ... لە دووا جاردا هیوای تەمەن درێژی بۆ هونەرمەند**

**( ئومێد شێخ حسێن ) و داهێنانە زەنگینەکانی .!**